# شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەم تا شەشەمی بنەڕەتی لەسەر بنەمای گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

**غەریب عەزیز عبدالرحمن**
**توێژەری کۆمەڵایەتی/ ماستەر لە ڕاوێژکاری قوتابخانە**

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٩/١١

**پوختە**

کەسانی خاوەن پێداویستی ئەو کەسانەن کە پەککەوتەیی تەواو یان بەشێک لە جەستە، هەست و هزر ، فێربوونیان هەیە لە تەواوی ژیان یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیانیان ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕادەی گرنگیدانی ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )ە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە تەواوی کتێبەکانی خوێندنی کوردی قۆناغەکانی خوێندنە کە ژمارەیان ( ١٦ ) کتێبە ، نمونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە کتێبی خویندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) کە ژمارەیان ( ١٠ ) کتێبە، کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٤ ) چاپی ساڵی ( ٢٠٢٤ )ە، پۆلی ( ٥ و ٦ ) چاپی ( ٢٠٢٣ )ە کە کۆتا چاپە ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە لیستی پشکنین بۆ بابەت و وێنەکانی ناو کتێبەکان .

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە لە ناو پرۆگرامی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) گرنگیەکی ئەوتۆ نەدراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، ئەو ڕێژە کەمەی کە هەیە بە شێوەیەکی هەڕەمەکییەو زانستی نیە ، هەربۆیە ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە ناتوانێت قوتابی پەروەردە بکات بەو ئاراستەیەی کە ڕێز لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگرێت .

**پێشەکی**

خاوەن پێداویستی تایبەت چینێکی گرنگی کۆمەڵگەن و خاوەنی لێهاتویی تایبەت بە خۆیانن ، نەبونی بەشێک لە جەستەیان ڕێگر نییە لە نیشاندانی تواناو لێهاتوییان ، تەنها پێویستیان بە یارمەتی و ڕێز هەیە ، خوای گەورە لە قورئاندا باس لە ڕێزی مرۆڤ دەکات و دەفەرموێت ( ولقد كرمنا بنى ادم ) ( قورئانی پیرۆز ، ئەسرا، ٧٠ ) واتە بە دڵنیایی ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە. لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یاساو ڕێسای تایابەت بە گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت هەیە ، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش یاسای تایبەتی بە گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت هەیە بە ناوی ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداوستی تایبەت ) کە لە ساڵی ( ٢٠٢١ ) هەموار کراوەتەوە ، کە لە ماددەی ( ٢ ) بڕگەی ( ٦ )دا پێناسەی کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەتی کردوە ( کەمئەندام کەسێکە کە دوچاری پەککەوتوییەکی ماوە درێژ بوبێت جا چ جەستەیی یان ئەقڵی یان هزری یان هەستەکی بێت، بەشێوەیەکی تەواو بێت یان بەشەکی، بەجۆرێک بوبێتە بەربەست لەبەردەم بەشداریکردنی لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی سروشتی هاوشێوەی کەسانی ئاسایی ) ( یاسای ماف و ئیمتیاز، ٢٠٢١ ، ١ ) .

کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت پێویستیان بە گرنگیپێدان و پاڵپشتی زیاتر هەیە بە تایبەت لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، پێویستیان بە ڕەخساندنی ژینگەیەکە تا هەست بە گرنگی پێدان و ڕێز بکەن هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تا گەورە بوون ، یەکێک لەو شوێنانەی کە پێویستە تیایدا ڕێزیان لێبگیرێت ناوەندەکانی خوێندنە بە تایبەت قوتابخانە ، لە ناو قوتابخانە جگە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی فێربوون و ڕاهێنان پێویستیشیان بە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە ، هەرچەندە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یاسای وەزارەتی پەروەردەی ( ٢٠٢٣ )دا گرنگی داوە بە چینی خاوەن پێداوستی تایبەت و بەرنامەی پەروەردەی تایبەتی هەیە بۆیان ، لە هەندێک ماددەو بڕگەدا گرنگی پێداون ، هەروەک لە ماددەی ( ٤ ) بڕگەی ( ٩ )دا هاتوە ( هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەک کە بڕوای بە ئاوێتەکردنی پەروەردەیی کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت هەبێت ، بە پێی بنەماکانی یەکسانی بۆ ئەوەی فێرکردنێکی ئاست بەرزیان بۆ دابین بکرێت ) ( یاسای وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢٣، ١٩ ) بە گوێرەی ئەم یاسایە پێویستە کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت لە ناوەندەکانی خوێندندا تێکەڵ بکرێن لەگەڵ قوتابی ئاساییدا . لەبەر ئەوە وەزارەتی پەروەردە پێویستە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان بدات بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت لە چەند ڕویەکەوە بە تایبەت لە ڕێگەی پرۆگرامەکانییەوە.

پرۆگرامی خوێندن ئامرازێکی سەرەکیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکرندا ، چونکە پرۆگرامی خوێندن تەنها ئامانجی فێرکردن نییە ، بەڵکو ئامانجیشی پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستە کە هەڵگری ڕەوشت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە بێت . هەر وەک لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا لە ماددەی ( ٧٦ ) بڕگەی ( ٢ خاڵی ٢ )دا دەڵێت ( بەهاکان بەشێکن لە پلانی فێربوون ) هەروەها لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان لە ماددەی ( ٥ ) بڕگەی ( ٤ ) دەڵێت ( گرنگیدان و دانانی پرۆگرامی تایبەت بە کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت و کورتەباڵایان لە پرۆگرامی پەروەردەدا )

لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی کە وانەیەکی سەرەکیە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن جگە لەوەی قوتابی فێری زمانی دایک دەبێت فێری چەندین ڕەوشت و بەها دەبێت ، لەبەر ئەوە توێژەر کتێبی کوردی پۆلەکانی یەک تا شەشی وەک نمونەی توێژینەوەکەی دیاری کردوە ، ئامانجی توێژینەوەکەش گەڕانە بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی ئایا کتێبی کوردی پۆلەکانی یەکەم تا شەشەمی بنەڕەتی تا چەند گرنگیداوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ؟ ئایا بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو گرنگیان پێدراوە ؟

**بەشی یەکەم / لایەنی تیۆری**

**باسی یەکەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**١ ــ ١ کێشەی توێژینەوەکە :** ، لە ناوەندەکانی خوێندندا تێبینی ئەوە دەکرێت هەندێک جار قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت هەراسان دەکرێن لە لایەن قوتابیانی ترەوە ، لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدرێت تا بزانرێت ئایا پرۆگرامەکانی خوێندن تا چەند گرنگیانداوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، ئایا بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی دراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ؟

**١ ــ ٢ گرنگی توێژینەوەکە :**

**گرنگی تیۆری :** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەیە کە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن شیدەکاتەوە لەسەر بنەمای گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگەدا، چونکە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت چینێکی گرنگی کۆمەڵگەن، بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە هەیانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەو گرفت دەبنەوە ، بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە هەراسان دەکرێن ، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو چینەی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ ئاشنا بوون بە کێشەو گرفتەکانیان ڕۆڵی دەبێت بۆ پاڵپشتی کردنیان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە و هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ماف و پێداویستییەکانیان .

**گرنگی پراکتیکی :** خستنە ڕووی کۆمەڵێک داتاو زانیاری لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و پرۆگرامی خوێندن کە سودی دەبێت بۆ هەندێک شوێن و دامەزاوە بە تایبەت وەزارەتی پەروەردە و بەشی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە ، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت بۆ توێژەران کە وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاری بهێنن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و شیکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن .

**١ ــ ٣ ئامانجی توێژینەوەکە :**

١ ــ شیکردنەوەی ناوەرۆکی کتێبی کوردی لەسەر بنەمای گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

١ - خستنە ڕووی ئاستی گرنگیدانی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی کوردی بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

٢ - خستنە ڕووی شێوەی گرنگیدانی پرۆگرامی کتێبی خوێندنی کوردی بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**باسی دووەم : دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**٢ ـ ١ خاوەن پێداویستی تایبەت :**

- خاوەن پێداویستی تایبەت چەمکێکی نوێیە کە پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان لە بری ووشەی کەم ئەندام بەکاریدەهێنن ، چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ یەکەم جار لە کۆنفڕانسی ( سلمنکا )[1] لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی ( ١٩٩٤ ) بە شێوەیەکی فەرمی بەکارهێنرا ( النواصرة، ٢٠٠٦، ٢٢ ) ، چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو دەستەواژەیە کە پسپۆڕانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەی ڕێککەوتوون بۆ پێناسە کردنی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کەموکورتی و پەککەوتنی بەشێکی جەستە یان هەستی یان هزری کە ناتوانن ژیانێکی ئاسایی بکەن بە بێ چاودێری کەسانی تر ( الغامدی، ٢٠٢٠، ١٠ ).

- مەبەست لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو کەسانەن کە بە درێژایی ژیان یان ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیان پێویستییان بە چارەسەر و ڕاهێنان و پەروەردەی تایبەت هەیە ، بۆ ئەوەی گەشە بکەن و فێربن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە یارمەتی و ڕاهێنان و بەرنامەی تایبەت هەیە تا بتوانن ژیانێکی شایستە بژین ( ابراهیم، ٢٠٠٣، ٦٤ ) هەروەها ئەوانە کاسانێکن کە جیاوازن لە کەسانی تر بە هۆی پێداویستییە تایبەتەکانیان لە ئامێر و خزماتگوزاری و شێوازی فێربوون ( بطرس ٢٠١٠، ٢٠ ).

- پێناسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت: کەمئەندام کەسێکە کە دوچاری پەککەوتوییەکی ماوە درێژ بووبێت جا چ جەستەیی یان ئەقڵی یان هزری یان هەستەکی بێت، بەشێوەیەکی تەواو بێت یان بەشەکی، بەجۆرێک بوبێتە بەربەست لەبەردەم بەشداریکردنی لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی سروشتی هاوشێوەی کەسانی ئاسایی ( یاسای ماف و ئیمتیاز، ٢٠٢١، ١ ) . هەروەها لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا لە ماددەی ( ٣٢ ) برگەی یەکەمدا هاتوە کە قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە چوارچێوەی تەمەنی یاسایی خۆیدا بێت مافی خوێندن و هەلی یەکسانیان هەیە بۆ بەردەوام بون لە خوێندن ( یاسای وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢٣، ٣٩ ).

- پێناسەی ڕێکاری : خاوەن پێداویستی تایبەت واتە تاکێک لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە پێداویستی تایبەتی هەیە کە جیاوازە لە پێداویستی کەسانی ئاسایی و پێویستی بە بەرنامەی تایبەتە لەبواری پەروەردەو فێرکردن.

**٢ ـ ٢ مێژوی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت :**

ڕەوتی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە ، لەسەرەتای چاخە کۆنەکاندا کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکراو بە بێزراو و نەفرەت لێکراو لە لایەن خەڵکەوە سەیر دەکران ، خەڵک بۆچونیان وابوو کە ئەمانە هۆکاری نەهامەتین ، زۆر بێ بەزەییانە هەوڵی لە ناوبردنیان دەدرا و بێبەش دەکران لە ماف و پێداویستییەکانیان ، لە نمونەی ئەو ڕەفتارانەش کۆمارەکەی ئەفلاتونە کە بە ئاشکرا دەڵێت دەبێت

[1] . Salamanca statement

کەسانی کەمئەندام دوربخرینەوەو ژیانیان لێبسەندرێتەوە ، چونکە باوەڕی وابو کە دەوڵەت پێویستی بە کەسانی بەهێز و زیرەک و تەندروستە ، هەروەها یۆنانیەکۆنەکان باوەڕیان وابوە کە ( ئەقڵی تەندروست لە جەستەی تەندروستدایە ) ، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لە لایەن کڵێساو قەشەکانەوە مامەڵەی نامرۆڤانە دەکرا بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و زیندانی دەکران و داوایان لە خەڵک دەکرد لێیان نزیک نەبنەوە چونکە بڕوایان وابوو ئەوانە کەسانی خراپن و مەترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگا ( الزغبی ، ٢٠٠٠، ١٥-١٨ ) .

پاشان لە سەدەی ٢٠ قۆناغێکی هاوچەرخ هاتە ئاراوە بۆ چاودێری کردن و گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە دیاریکراوی دوای جەنگی جیهانی دووەم پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک کەمئەندام بوون بە هۆی شەڕەوە ، لە لایەکی ترەوە کاریگەری شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنە زانستییەکان بە تایبەت لە بواری پزیشکی و دەروونی و بۆماوەیی ، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبو لە گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، پاش ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ( ١٩٤٨ ) ڕێکەوتننامەی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ساڵی ( ٢٠٠٦ ) گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێی نایە قۆناغێکی پێشکەوتوتر.

**٢ – ٣ جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت :**

( IDEA )[2] ڕێکخراوێکی تایبەتە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە ساڵی ( ١٩٩٧ ) لە وڵاتی ئەمریکا دامەزراوە ، دوو پێوەری هەیە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو منداڵانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، یەکەم: منداڵەکە یەکێک لەو ( ١٣ ) گرفتەی خوارەوەی هەبێت، دووەم: منداڵەکە لە ئەنجامی کەمئەندامیەکەی پێویستی بە بەرنامەی پەروەردەی تایبەت هەبێت. ڕێکخراوەکە لە مانگی ( ٩ ) ی ساڵی ( ٢٠٢٤ ) دواین پۆلێن کردنی خستەڕوو بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە بریتین لەمانەی خورەوە :

١ - گرفتی فێربوونی تایبەت .
٢ - گرفتی قسەکردن و دەربڕین .
٣ - کەمی تەرکیز و فرە جوڵە
٤ - شەبەنگی ئۆتیزم و داون .
٥ - کەمی ژیری ، نزمی ئاستی زیرەکی .
٦ - پەشێوی دەرونی و سۆزداری .
٧ - دواکەوتنی گەشەکردن .
٨ - نابینا و گرفتی پرۆسێسی بینین .
٩ - نابیست و گرفتی پرۆسێسی بیستن .
١٠ - پەککەوتەیی مێشک و جەستە .
١١ – بەرکەوتن و زەبری مێشک . ( kyrie, 2017, 3 )

**٢ – ٤ پرۆگرامی خوێندن**

2 . Individuals with Disabilities Education Act

- لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (منهج ، المنهاج ، ناهجة ) بۆ پرۆگرام بەکارهاتووە ، خوای گەورەش لە قورئاندا باسی پرۆگرامی کردوە دەفەرموێت : ( لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا ) ( قورئانی پیرۆز، مائیدە ، ٤٨ ) . لە زمانی کوردیشدا بەکارهاتووە مامۆستا هەژاری موکریانی ئەو ئایەتەی سەرەوەی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و دەڵێت ( بۆ هەر کەسێک لە ئێوە ڕێو شوێنێکمان داناوە ) ( هەژار، ٢٠٠٠، ١١٦ ) ، لە سۆنگەی تەفسیرەکەی مامۆستا هەژار بۆ ئەو ئایەتە دەتوانین بڵێین لە زمانی کوردیشدا ووشە ڕێ و شوێن لە جیاتی پرۆگرام بەکارهاتوە کە واتاکەی ڕێگای ڕوون و ڕاستە بۆ گەشتن بە ئامانجێک.

- پرۆگرام کۆمەڵێک بابەتی خوێندنە کە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری زانستە جیاوازەکان دایان ناوەو مامۆستایان دەیڵێنەوە بە قوتابیان و ئەوانیش فێری دەبن ، بڕوایان وابووە کە زانست پیرۆزە و لە پێشینانەوە بۆمان ماوەتەوە و نابێت دەستکاری بکریت ، ئەو زانیاریانە پۆلێن دەکران و دابەش دەکران بە سەر چەند قۆناغێکی خوێندنداو لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا دەخوێندران ( عزیز، ٢٠١٩، ١٣ ) .

- لە سەدەمی کۆندا تەنها جەخت لەسەر چەندێتی و بڕی ئەو مەعریفەیە دەکرایەوە کە قوتابی لە ماوەی ساڵێک فێری دەبوو پاشان لە تاقیکردنەوە دەردەچوو پاشان بڕوانامەی وەردەگرت ، واتە تەنها ئەو پرۆگرامە دەخوێندرا کە دیاریکراوەو بڕیاری لەسەر دراوە ( علی و سمین، ٢٠٢٢، ٢٦ ) .

- پێناسەی ڕێکاری بۆ پرۆگرام : بریتییە لە کۆمەڵێک ڕاستی زانستی کە پسپۆڕانی هەر بوارێک ئامادەی دەکەن بە پێی قۆناغەکانی تەمەن و ئاستی تێگەشتنی فێرخواز، بۆ گەشتن بە چەندین ئامانجی پەروەردەیی و فێرکاری.

**٢ ــ ٥ چەمکی پرۆگرامی خوێندن لەسەردەمی نوێ دا** : لەسەردەمی نوێ دا پرۆگرام ئامرازە بۆ گەشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی پەروەردەیی واتە پرۆگرام تەنها ئامانجی فێرکردن نییە ، بەڵکو پرۆگرام گرنگی دەدات بە گەشەی تاک لە هەموو لایەنێکەوە وەک گەشەی کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، ڕەفتاری و ڕەوشت و بەها باڵاکان ، کەسێتی ، واتە پرۆگرام تەنها تایبەت نییە بە گەشەی مەعریفی قوتابی . زانست تەنها بریتی نییە لە زانستە ئەزمونیەکان بەڵکو بابەتی هونەر و وەرزش و ڕۆشنبیری گشتی گرنگی پێدراوە لە پرۆگرامی سەردەمی نوێدا . ( قزامیل، ٢٠١٣، ٦٨).

**٢ ــ ٦ بنەماکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن :** بە شێوەیەکی گشتی سێ ئاراستە هەیە بۆ دیاریکردنی بنەما لە دانانی پرۆگرای خوێندندا :

**یەکەم :** ئاراستەیەکی دەروونیە لە کاتی دانانی پرۆگرامدا گرنگی دەدرێت بە تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قوتابی ، واتا خوێندکار تەوەری دانانی پرۆگرامە .

**دووەم** : تەوەری سەرەکی دانانی پرۆگرام مەعریفەیە ، ئەوانەی بڕوایان بەم ئاراستەیە هەیە ئامانجی سەرەکیان لە دانانی پرۆگرام مەعریفەیە .

**سێهەم** : تەوەری سەرەکی دانانی پرۆگرام کۆمەڵگەیە ، دانەرانی پرۆگرام لەم ئاراستەیەدا زیاتر گرنگی دەدەن بە خواستەکانی کۆمەڵگا لە ڕوی فەلسەفی کلتوریەوە. ( علی و سمین، ٢٠٢٢، ٢٦ ) . چەند بنەمایەک کاریگەرییان هەیە لەسەر دانانی پرۆگرام :

- **بنەمای فەلسەفی :** هەموو پرۆگرامێکی خوێندن پشت دەبەستێت بە فەلسەفەیەک کە پێی دەوترێت فەلسەفەی پەروەردەیی کە سەرچاوەکەی کۆمەڵگایە و پێکدێت لە پاشخانە کولتووری و مەعریفیەکەی کۆمەڵگا هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کۆمەڵگایەک پرۆگرامی خوێندن و فەلسەفەی پەروەردەیی تایبەت بە خۆی هەبێت ( مرعی، ٢٠١٥، ١١٤ ) .

- **بنەمای مەعریفی :** مەعریفە بریتییە لە ئەزمون و پاشخانی فیکری و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگا ، بریتییە لە هەوڵی چەندبارەی مرۆڤ بۆ تێگەشتن لە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی ( بدوی، ١٩٨٢، ٢٣٤ ) بە هۆی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلۆجیاوە لە سەردەمی ئێستادا تاک لە کۆمەڵگەدا مەعریفەو زانست و زانیاری زۆر وەردەگرێت لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندن بۆیە پێویستە دانەرانی پرۆگرام ناوەرۆکی پرۆگرام بگونجێنن لەگەڵ سەردەم و رۆژدا ( موسەوی، ٢٠١١، ٧٣ ) .

- **بنەمای دەروونی :** لە بنەمای دەروونی زیاتر جەخت دەکرێتەوە لەسەر گرنگیدان بە پێداویستی و تایبەتمەندیەکانی قوتابی گرنگیدان بە قۆناغەکانی گەشەکردن و پرۆسەی فێربوون و ئەو هۆکارانەی کاریگەری هەیە لەسەریان گرنگیدان بە تواناو لێهاتویی و جۆرەکانی زیرەکی قوتابی ( شربینی و طنطاوی، ٢٠١٥، ٢٩ ) .

- **بنەمای کۆمەڵایەتی :** بنەمای کۆمەڵایەتی کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن چونکە هەڵقوڵاوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگان کە بریتین لە بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و مرۆڤایەتییەکان ( حسین، ٢٠١٨، ٧٠ ). لە کاتی دانانی پرۆگرامدا دەبێت ڕەچاوی ئەو کۆمەڵگە بکرێت کە قوتابی تیایدا دەژی کە ئەوانیش بریتین لە ( مێژوو و زمان و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگا ، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ، کارلێکی کۆمەڵایەتی ، بەها کۆمەڵایەتییەکان ). (علی و سمین، ٢٠٢٢، ٢٩ ).

**باسی سێهەم : توێژینەوەکانی پێشوو**

٣ – ١ **توێژینەوەی ( حیاة الشوبکی )** بە ناونیشانی ( ڕاددەی لەخۆگرتنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پرۆگرامی پەروەردەی نیشتمانی و مەدەنی لە سیستمی خوێندنی وولاتی ئوردون ) کە لە ساڵی ( ٢٠٢١ ) ئەنجامی داوە، میتۆدی توێژینەوەکەی شیکردنەوەی ناوەرۆکە، نموونەی توێژینەوەکەی کتێبی پەروەردەی نیشتمانی و مەدەنی پۆلەکانی ( ٤ تا ١٠ )یە، ئامانجی توێژینەوەکەی دەرخستنی ڕاددەی گرنگیدانی پرۆگرامی خوێندنە بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت، ئەنجامی توێژینەوەکەی ئەوە نیشان دەدات کە پرۆگرامی ئەو دوو وانەیە گرنگییەکی ئەوتۆی نەداوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٣ – ٢ **توێژینەوەی ( فخری دویکات و عبدالرحمن مغربی )** بە ناونیشانی ( ڕاددەی لەخۆگرتنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پرۆگرامی پەروەردەی مەدەنی قۆناغی ( ١تا ٤ )ی بنەڕەتی لە سیستمی خوێندنی فەلەستین ) کە لە ساڵی ( ٢٠١٣ ) ئەنجامیان داوە، میتۆدی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەرۆکە، گرنگی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت لە پرۆگرامی خوێندن، ئامانجی توێژینەوەکەش دەرخستنی ڕاددەی گرنگیدانی پرۆگرامی خوێندنە بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت، ، ئەنجامی توێژینەوەکەی ئەوە نیشان دەدات کە پرۆگرامی وانەی پەروەردەی مەدەنی گرنگییەکی ئەوتۆی نەداوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**٣ ــ ٣ توێژینەوەی ( بهبود یاری قلی و هاوکارانی )** بە ناونیشانی ( شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەسەر بنەمای گرنگیدان بە ئەوانی تر، { کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت} ) کە لە ساڵی ( ٢٠١٧ ) ئەنجامیان داوە، میتۆدی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەرۆکە، نموونەی توێژینەوەکە کتێبەکانی وانەی فارسی ( خوێندنەوە و نوسین )ی پۆلی ( ١ تا ٦ )ە، گرنگی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت لە پرۆگرامی خوێندن و گۆڕینی تێڕوانینی قوتابییان سەبارەت بە مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانەوە، ئامانجی توێژینەوەکەش دەرخستنی ڕاددەی گرنگیدانی پرۆگرامی خوێندنە بە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت ، ئەنجامی توێژینەوەکەی ئەوە نیشان دەدات کە پرۆگرامی وانەی فارسی گرنگییەکی کەمیداوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەویش بە شێوەیەکی ڕێکخراوو زانستی نییە.

**بەشی دووەم : ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

**٢ ــ ١ میتۆدی توێژینەوەکە :** لەم توێژینەوەیەدا شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆک بەکارهێنراوە کە شێوازێکی ڕێکخراوە بەکاردێت بۆ وەسف کردن و شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن ، شیکردنەوەکەش بۆ وێنە و پەیامە نوسراوەکانی ناو کتێبەکان دەکرێت ، ئەم شێوازە سەرەتا بۆ شیکردنەوەی وێنەو پەیامەکانی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و وتارە سیاسی و ئابوریەکان بەکاردەهێنرا ، بەڵام لە ئێستادا لە توێژینەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن بەکاردێت . ( حیدری و همکاران، ٢٠٢١، ل٣٠ ).

**٢ ــ ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :** کتێبەکانی خوێندنی کوردی هەر چوار بازنەکەی خوێندن کە پۆلەکانی یەکەمی بنەڕەتی تا دوازدەی ئامادەیی لەخۆدەگرێت کە ژمارەیان ( ١٦ ) کتێبە .

**٢ ــ ٣ نمونەی توێژینەوەکە :** بریتییە لە کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی یەکەم تا شەشەمی بنەڕەتی کە پێکهاتوە لە ( ١٠ ) کتێب ، تەواوی وێنە و چیرۆک و هۆنراوە و ڕستە و ووشەکانی ناو کتێبەکان وەک نمونە بۆ توێژینەوەکە وەرگیراون بۆ شیکردنەوە .

**٢ ــ ٤ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :** بریتییە لە ( چێک لیست ) واتە دابەشکردن و پۆلێنکردنی زانیاریەکان بۆ چەند بەشێک وەک وێنە و چیرۆک و هۆنراوە و ڕستە و ووشە .

**٢ ــ ٥ ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوەکە :** بریتییە لە ڕێژەی سەدی کە کەرەستەیەکی ئاماری بەسودە بۆ دیاریکردنی ڕێژەیەک و گەشتن بە ئامانجێکی ڕاست و دروست و گۆڕینی زانیاریەکان بۆ ژمارە .

**بەشی سێهەم : شیکردنەوەی خشتەکان**

**٣ ــ ١ خستنەڕوی دەرئەنجامی خشتەکان :**

خشتەی ( ١ ) پۆلێنکردن و دابەشکردنی داتاکانی نمونەی توێژینەوەکە

| پۆلەکان | ژمارەی بابەتەکان | وێنە | | چیرۆک | | هۆنراوە | | ڕستە | | ووشە | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | سەدی | دووبارە | سەدی | دووبارە | سەدی | دووبارە | سەدی | دووبارە | سەدی | |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٧٦٢ | ١٤٠ | %١٨ | ٤ | ٠.٥ % | ٨ | ١.٥ % | ٦٦ | %٩ | ٥٤٤ | %٧١ | %١٠٠ |
| دووەم | ٧١٨ | ٤٤ | %٧ | ٢٢ | %٣ | ٨ | %١ | ١٨٣ | %٢٥ | ٤٦١ | %٦٤ | %١٠٠ |
| سێیەم | ٨٧٤ | ٩٢ | %١١ | ٢٥ | %٣ | ١١ | %١ | ١٦١ | %١٨ | ٥٨٥ | %٦٧ | %١٠٠ |
| چوارەم | ٦٧٨ | ٥٥ | %٨ | ٣٢ | %٥ | ٧ | %١ | ٢٤٤ | %٣٦ | ٣٤٠ | %٥٠ | %١٠٠ |
| پێنجەم | ٧٩٢ | ١٦ | %٢ | ١٨ | %٢ | ٦ | %١ | ١٩٩ | %٢٥ | ٥٥٣ | %٧٠ | %١٠٠ |
| شەشەم | ٧٣٦ | ٢٥ | %٣ | ٢٩ | %٤ | ٨ | %١ | ٢٦٥ | %٣٦ | ٤٠٩ | %٥٦ | %١٠٠ |

ئەنجامی خشتەی ( ١ ) خستنەڕووی ژمارەی بابەتەکانی کتێبی هەر شەش قۆناغەکە و پاشان پۆلێن کردن و دابەشکردنی بابەتەکان بەسەر پێدراوەکانی ( وێنە ، چیرۆک ، هۆنراوە ، ڕستە ، ووشە ) ، دەردەکەوێت کە لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەم ( ٧٦٢ ) بابەت هەیە ، کە ( ١٤٠ )یان وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ١٨% ) ی بابەتەکانی کتێبەکە ، تەنها ( ٤ ) چیرۆکی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٠.٥% ) بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٨ ) هۆنراوەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ١.٥% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٦٦ ) ڕستەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٩% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٥٤٤ ) ووشەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٧١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە .

هەروەها لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی دووەم ( ٧١٨ ) بابەت هەیە ، کە ( ٤٤ )ی وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٧% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٢٢ ) چیرۆکی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٣% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٨ ) هۆنراوەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ١٨٣ ) ڕستەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٢٥% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٤٦١ ) ووشەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٦٤% )ی بابەتەکانی کتێبەکە .

لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەم ( ٨٧٤ ) بابەت هەیە کە ( ٩٢ )ی وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ١١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٢٥ )ی چیرۆکە کە دەکاتە لە سەدا ( ٣% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ١١ ) هۆنراوەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ١٦١ ) ڕستەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ١٨% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٥٨٥ ) ووشەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٦٧ )ی بابەتەکانی کتێبەکە . لە کتێبەکانی بازنەی یەکەم زیاتر گرنگی بە ووشە و وێنە دراوە چونکە قوتابی لەو قۆناغە پێویستە فێری پیت و ووشە و ببێت .

هەروەها لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی چوارەم ( ٦٧٨ ) بابەت هەیە کە ( ٥٥ )ی وێنەیە کە دەکاتە ( ٨% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٣٢ )ی چیرۆکە کە دەکاتە لە سەدا ( ٥% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٧ )ی هۆنراوەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ١ )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٢٤٤ )ی ڕستەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٣٦ )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٣٤٠ ) ووشەی تێدایە کە دەکاتە لە سەدا ( ٥٠% )ی بابەتەکانی کتێبەکە .

لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی پێنجەم ( ٧٩٢ ) بابەت هەیە کە ( ١٦ )ی وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٢% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ١٨ )ی چیرۆکە کە دەکاتە لە سەدا ( ٢% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٦ )ی هۆنراوەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ١٩٩ )ی ڕستەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٢٥% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٥٥٣ )ی ووشەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٧٠% ) بابەتەکانی کتێبەکە .

هەروەها لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی شەشەم ( ٧٣٦ ) بابەت هەیە کە ( ٢٥ )ی وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٣% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٢٩ )ی چیرۆکە کە دەکاتە لە سەدا ( ٤% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٨ )ی هۆنراوەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ١% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٢٦٥ )ی ڕستەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٣٦% )ی بابەتەکانی کتێبەکە ، ( ٤٠٩ )ی ووشەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٥٦% )ی بابەتەکانی کتێبەکە. لە کتێبەکانی بازنەی دوو زیاتر گرنگی دراوە بە ووشە و ڕستە و چیرۆک ، چونکە قوتابی دەبێت فێری خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی ببێت . لە کتێبەکانی هەردوو بازنەکە کەمترین گرنگی دراوە بە بابەتی هۆنراوە کە ڕێژەکەی لە ( ١% ) تێپەڕناکات .

**خشتەی ( ٢ ) خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**

**لە وێنەی کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )**

| پۆلەکان | وێنە | خاوەن پێداویستی تایبەت | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە | سەدی |
| یەکەم | ١٤٠ | ٠ | %٠ |
| دووەم | ٤٤ | ١ | %٢.٢ |
| سێیەم | ٩٢ | ٠ | %٠ |
| چوارەم | ٥٥ | ٠ | %٠ |
| پێنجەم | ١٦ | ٠ | %٠ |
| شەشەم | ٢٥ | ٠ | %٠ |
| کۆ | ٣٧٢ | ١ | %٠.٢٦ |

خشتەی ( ٢ ) کە تایبەتە بە خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی وێنەکانی ناو کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) ، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت وێنەی کتێبەکانی پۆلی ( ١ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە باس لە گرنگیدان بێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، تەنها لە وێنەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی دووەمدا باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە لە ناو وێنەکانیشدا لە کۆی ( ٤٤ ) وێنە تانها ( ١ ) وێنەیە کە دەکاتە لە سەدا ( ٢.٢% )ی وێنەکانی کتێبەکە ، کە لە لاپەڕە ( ٥٨ )ی وەرزی یەکەمی کتێبەکەدایە کە ئەویش هێمایەکی هاتوچۆیە . لە کۆی وینەکانی ( ١٠ ) کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) کە ( ٣٧٢ ) وێنەیە تەنها لە ( ١ ) وێنەدا گرنگیدراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**خشتەی ( ٣ ) خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**

**لە چیرۆکی کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )**

| پۆلەکان | چیرۆک | خاوەن پێداویستی تایبەت | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە | سەدی |
| یەکەم | ٤ | ٠ | %٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٢٢ | ٢ | ٩% |
| سێهەم | ٢٥ | ١ | ٤% |
| چوارەم | ٣٢ | ٠ | ٠% |
| پێنجەم | ١٨ | ٠ | ٠% |
| شەشەم | ٢٩ | ١ | ٣،٤% |
| کۆ | ١٣٠ | ٤ | ٣% |

خشتەی ( ٣ ) کە تایبەتە بە خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی چیرۆکی ناو کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) ، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت چیرۆکی کتێبەکانی پۆلی ( ١ ، ٤ ، ٥ ) هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە باس لە گرنگیدان بێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، تەنها لە چیرۆکەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ٢ ، ٣ ، ٦ ) باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە. لە کۆی چیرۆکەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی دووەم کە ( ٢٢ ) چیرۆکە تەنها ( ٢ ) چیرۆک باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات کە دەکاتە لە سەدا ( ٩% )ی چیرۆکەکانی کتێبەکە ، کە لە لاپەڕە ( ٥٣ )ی وەرزی یەکەمی کتێبەکە لە ناو چیرۆکێکدا بە یەک ڕستە هاتوە کە دەڵێت ( هاوکاری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت ) ، لە لاپەڕە ( ١٧ )ی وەرزی دووەمی کتێبەکەدا لە چیرۆکێکدا بە یەک ڕستە دەڵێت ( دەبێت بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت خوێندن و ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە دابین بکرێت ).

هەروەها لە کۆی ( ٢٥ ) چیرۆکی کتێبی کوردی پۆلی سێهەم تەنها لە ( ١ ) چیرۆکدا بە یەک ڕستە باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە ئەویش لە لاپەڕە ( ٦٢ )ی وەرزی دووەمی کتێبەکەدا دەڵێت ( باوکی بەهۆی ڕوداوێکەوە پەکی کەوتبوو نەیدەتوانی ئیش بکات ) . لە کۆی ( ٢٩ ) چیرۆکی کتێبی کوردی پۆلی شەشەم تەنها لە ( ١ ) چیرۆکدا باس لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە ، ئەویش لە لاپەڕە ( ٦١ )ی کتێبەکەدایە کە باس لە ژیانی زانایەکی ناودار دەکات بە ناوی ( ئەلفرێد نۆبڵ ) کە خاوەن پێداویستی تایبەت بووە . لە کۆی چیرۆکەکانی ( ١٠ ) کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) کە ( ١٣٠ ) چیرۆکە تەنها لە ( ٤ ) چیرۆکدا گرنگیدراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**خشتەی ( ٤ ) خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هۆنراوەی کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )**

| پۆلەکان | هۆنراوە | خاوەن پێداویستی تایبەت | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە | سەدی |
| یەکەم | ٨ | ٠ | ٠% |
| دووەم | ٨ | ٠ | ٠% |
| سێهەم | ١١ | ٠ | ٠% |
| چوارەم | ٧ | ٠ | ٠% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێنجەم | ٦ | ٠ | ٠% |
| شەشەم | ٨ | ٠ | ٠% |
| کۆ | ٤٨ | ٠ | ٠% |

خشتەی ( ٤ ) کە تایبەتە بە خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی هۆنراوەی ناو کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) ، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت هۆنراوەکانی ناو کتێبەکانی پۆلی ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە باس لە گرنگیدان بێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت . لە کۆی هۆنراوەکانی ( ١٠ ) کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) کە ( ٤٨ ) هۆنراوەیە لە هیچ هۆنراوەیەکدا گرنگی نەدراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**خشتەی ( ٥ ) خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**
**لە ڕستەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )**

| پۆلەکان | ڕستە | خاوەن پێداویستی تایبەت | |
|---|---|---|---|
| | | دووبارە | سەدی |
| یەکەم | ٦٦ | ١ | ١.٥% |
| دووەم | ١٨٣ | ٠ | ٠% |
| سێیەم | ١٦١ | ٠ | ٠% |
| چوارەم | ٢٤٤ | ٠ | ٠% |
| پێنجەم | ١٩٩ | ٠ | ٠% |
| شەشەم | ٢٦٥ | ٠ | ٠% |
| کۆ | ١١١٨ | ١ | ٠.٠٨% |

خشتەی ( ٥ ) کە تایبەتە بە خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی ڕستەکانی ناو کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) ، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ڕستەکانی ناو کتێبەکانی پۆلی (، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە باس لە گرنگیدان بێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت . تەنها لە کتێبی کوردی پۆلی یەکەم وەرزی دووەم لاپەڕە ( ١١٦ ) یەک ڕستە هاتوە دەڵێت ( هاوکاری مرۆڤی پیر دەکەم ) . لە کۆی ڕستەکانی ( ١٠ ) کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) کە ( ١١١٨ ) ڕستەیە تەنها لە یەک ڕستەدا گرنگی دراوە بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**خشتەی ( ٦ ) خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**
**لە ووشەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ )**

| پۆلەکان | ووشە | خاوەن پێداویستی تایبەت |
|---|---|---|

| | | دووبارە | سەدی |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٥٤٤ | ٠ | %٠ |
| دووەم | ٤٦١ | ٠ | %٠ |
| سێهەم | ٥٨٥ | ٠ | %٠ |
| چوارەم | ٣٤٠ | ٠ | %٠ |
| پێنجەم | ٥٥٣ | ٠ | %٠ |
| شەشەم | ٤٠٩ | ٠ | %٠ |
| کۆ | ٢٨٩٢ | ٠ | %٠ |

خشتەی ( ٦ ) کە تایبەتە بە خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی ووشەکانی ناو کتێبەکانی خوێندنی کوردی پۆلەکانی ( ١ تا ٦ ) ، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ووشەکانی ناو کتێبەکانی پۆلی ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە کە باس لە گرنگیدان بێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت . لە کۆی ووشەکانی ( ١٠ ) کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) کە ( ٢٨٩٢ ) ووشەیە لە هیچ ووشەیەکدا گرنگی نەدراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**٣ ــ ٢ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

**ئەنجامی توێژینەوەکە :**

١ - لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی پۆلی ( ١ تا ٦ ) بە ڕێژەیەکی زۆر کەم گرنگی دراوە بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە هەموو جۆرەکانیەوە . بە شێوەیەک لە هەندێک لە کتێبی پۆلەکان هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە لە باسکردن و گرینگیدان بە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت .

٢ - لە ناو پرۆگرامی خوێندنی کوردی بە شێوەیەکی زانستی و بەرنامە بۆداڕێژراو کار نەکراوە بۆ گرینگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت . ئەو ڕێژە کەمەش کە هەیە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە وێنەیەکدا یان ڕستەیەکدا باسکراوە .

٣ - هەرچەندە لە یاسای وەزارەتی پەروەردەی ساڵی ( ٢٠٢٣ ) لە چەند برگەو ماددەیەکدا گرنگیدراوە بە کاسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، بەڵام ڕەنگدانەوەی کەمە لە ناو پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا .

٤ ــ لە سەردەمی ئێستادا تێگەشتنی نوێ هەیە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن ، تێگەشتنی نوێ بۆ پرۆگرامی خویندن ئەوەیە کە پرۆگرام تەنها ئامانجی فێرکردن نییە بەڵکو ئامانجیشی گەشەپێدانی ڕەوشت و بەها باڵاکانە لای قوتابی.

**پێشنیارەکان :**

١ - ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر پرۆگرامەکانی تری خوێندن لەسەر بنەمای گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

٢ - ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی فێربوونی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناو قوتابخانەکان .

٣- لە کاتی دانان و نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو پلە بەندی بە گوێرەی قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بدرێت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، بە تایبەت لە وانە سەرەکیاکاندا هەماهەنگی هەبێت لە نێوان وەزارەتی پەروەردە بە تایبەت بەشی دانانی پرۆگرام لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی بواری خاوەن پێداویستی تایبەت .

٤ - ڕاهێنان و ئامادەکردنی مامۆستاو کەسانی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی تایبەت بۆ ناو قوتابخانەکان .

٥ - ئەنجامدانی ۆرک شۆپ و سیمنار و کۆبوونەوە لە ناو قوتابخانەکان بۆ هۆشیار کردنەوەی قوتابیانی ئاسایی بۆ ڕێزگرتن لە قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت . بۆ نمونە دیاریکردنی هەفتەیەک بە ناوی هەفتەی گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

٦ - چەسپاندنی چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت لە جیاتی کەمئەندام ، چونکە تا ئێستاش لە یاسای وەزارەتی پەروەردە و یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەنداماندا چەمکی کەم ئەندام و کورتە باڵا بەکارهاتوە .

٧ - هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی میدیاوە بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دانانی سزا بۆ ئەو کەسانەی کە وێنەو تۆماری ڤیدیۆیی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی .

**ڕاسپاردەکان :**

١ - گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناو پرۆگرامەکان بە شێوەی خستنەڕووی کەسانی خاوەن بەهرە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن ، لە لایەک بۆ هاندان و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت و لە لایەکی تر بۆ ئەوەی قوتابیانی ئاسایی بزانن کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت تواناو لێهاتوییان هەیە .

٢ - دانانی پێوەرێکی زانستی بۆ دەستنیشان کردنی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت تا بزانرێت کە ئایا پێویستی بە بەرنامەی تایبەت هەیە .

**سەرچاوەکان :**


- قورئانی پیرۆز، سورەتی الاسراء، ئایەتی ٧٠ .
- قورئانی پیرۆز، سورەتی المائده، ئایەتی ٤٨ .
- قورئانی پیرۆز ، وەرگێرانی مامۆستا هەژار، چاپخانەی ئیحسان، ٢٠٠٠ .


**سەرچاوە کوردیەکان :**


١ . حسين اسماعيل علي و سرحد محمد سمين، بنەماكانی دانانی پرۆگرامی خوێندن، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢ .

٢ . كريم احمد عزيز، پرۆگرامی پەروەردەیی( دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، ٢٠١٩

٣ . حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان، ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان، ٢٠٢١ .

٤ . لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣ .

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١ . توفيق احمد مرعى و محمد محمود الحيلة، المناهج التربوية الحديثة( مفاهمها وعناصرها و اسسها و عملياته )، دارالميسرة، عمان، ٢٠١٥

٢ . محمد على حبيب الموسوى، المناهج الدراسية-المفهوم الابعاد المعالجات، مكتبة البصائر، لبنان، ٢٠١١ .

٣ . عزى الحسين، المناهج التعليمية و دورها فى بناء منظومة القيم لدى التلميذ فى مرحلة المراهقة المبكرة ، اطروحة دكتوراه، ٢٠١٨ .

٤ . فوزى عبدالسلام الشربينى و عفت مصطفى الطنطاوى، المناهج: مفهومها-اسس بناءها – عناصرها – تنظيماتها، ط١، مركز الكتاب، ٢٠١٥ .

٥ . احمد زكى بدوى، معجم علم الاجتماع، ( انجليزى – فرنسى – عربى )، ط٢، مكتبة لبنان-بيروت، ١٩٨٢.

٦ . سونيا هانم قزامل، المعجم العصرى فى التربية، عالم الكتب للنشر والتوزيع و الطباعة، القاهرة، مصر، ٢٠١٣ .

٧ . حسن محمد النواصرة، ذوى الاحتياجات الخاصة، مدخل فى تاهيل البدنى، ط١، دارالوفاء الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦ .

٨ . مازن ع الغامدى و محمد محجوب احمد، الارشاد النفسى لذوى الاعاقة العقلية واسرهم، المركز الاكادمى للنشر، الاسكندرية، ٢٠٢٠ .

٩ . ابراهيم عباس الزهيرى، تربية المعاقين والموهوبين ونظم تعليمهم فى اطار فلسفى و خبرات عالمية، دار الفكر العربى، القاهرة، ٢٠٠٣ .

١٠ . بطرس حافظ بطرس، تكيف المناهج للطلبة ذوى الاحتياجات الخاصة دارالميسرة، عمان، ٢٠١٠ .

١١. صالح عبدالله الزغبى ، احمد سليمان العواملة، التربية الرياضة للحالات الخاصة، دارصفاء للنشر، عمان، ٢٠٠٠ .

١٢. حياة الشوبكى. مدى تضمين حقوق الأشخاص ذوي الإعاقة في منهاج التربية الوطنية والمدنية الأردني.عمان. معهد غرب آسيا وشمال أفريقيا، أيلول.2021 .

١٣. فخرى دويكات و عبدالرحمن مغربى. مدى تضمين حقوق الاشخاص ذوى الاعاقة في منهاج التربية المدنية الفلسطينى فى مرحلة الاساسية الدنيا مرحلة التهيئة من الصف ١ – ٤. مجلة جامعة القدس المفتوحة للابحاث والدراسات التربوية والنفسية. المجلد الثانى. عدد ( ٦ ). ٢٠١٤.

**سەرچاوەی فارسی :**

١ . فريده حيدرى و سعديه حيدرى ، مهتاب اسدى، تحليل محتوى كتاب مطالعات اجتماعى پايه نهم براساس تكنيك ولیام رومى و حيطه شناختى بلوم، فصلنامه علمى-تخصصى پژوهش در اموزش تاريخ، دانشگاه فرهنگيان، دوره ( ٢ ) ، شماره ( ٥ )، ١٤٠٠ .

٢ . بهبود يارى قلى و سيد احمد حسينى و صادق صيادى. تحليل كتابهاى درسى دوره ابتدايى از منظر توجه به ديگرى. فصلنامه راهبرد اجتماعى فرهنگى. سال ( ٦ ). شماره ( ٢٢ ). ٢٠١٧.

**سەرچاوەی ئینگلیزی :**

1 . Kyrie E. Dragoo,The Individuals with Disabilities Education Act ( IDEA ), part B : Key Statutory and Regulatory Provisions, Congressional Research Service, 2017 .

**Abstract**

**People with disabilities are those who have complete or partial physical or emotional disabilities, or have learning disabilities throughout their lives or for a certain period of their lives People with disabilities The research community includes all Kurdish textbooks for grades (16) books, and the sample of the research includes Kurdish textbooks for grades ( 1 to 6) which number (10) books, as well as tools Data collection is a checklist of subjects and pictures in books.**

**The results of the study show that the Kurdish textbook curriculum for grades ( 1to 6) does not pay much attention to people with disabilities, the small number that exists is random and scientific Therefore, the content of these books cannot educate students to respect people with disabilities.**